ناساندن



بەکر شوانی

# قەڵای سپی
## ڕاکێشانی ڕایەڵ لە نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا

**لەدوای بڵاوبوونەوەی «قەڵای سپی» لە تورکیا، دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەوروپایی و ڕۆژئاوایی بایەخی زۆریان پێ دا و لە ماوەیەکی کورتدا وەرگێڕدرایە سەر ١٩ زمانی جیهانی**






له سەدەی حەڤدەهەمدا، ڤینیسیاییەک لەلایەن چەتە دەریاوانەکانی تورکەوە دەستگیر دەکرێت و دەهێندرێتە ئەستەنبوڵ. ئەم کۆیلەیە، کە پێیوایە لە گەردووناسی و فیزیا و نیگارکێشی دەردەچێت، لەلایەن تورکێکی خاوەن هەمان ئەو خولیایانەوە دەکڕدرێت. لێکچوونێکی سەیر لەو دوو مرۆڤەدا هەیە. سەرداری خاوەن کۆیلە دەیەوێت لە کۆیلەکەیەوە ئاشنای ڤینیسیا و زانستی ڕۆژئاوا بێت.

ئەم دوو کەسە، سەردار و کۆیلە، بەمەبەستی یەکترناسین و تێگەیشتن و گێڕانەوەی باسی یەکدی، لە ماڵێکی تاریک و چۆڵی سەر کەناری کەنداوی زێڕین، لە ئەمسەر و ئەوسەری هەمان مێز دادەنیشن و قسە دەکەن. چیرۆک و بەسەرهات و بیرەوەرییەکانیان، ئەوان بەرەو کوچە و کۆڵانەکانی ئەستەنبۆڵی تووشبووی پەتا، باخچە خەیاڵییەکان، ئاژەڵەکانی سوڵتانی منداڵ، دروستکردنی چەکێکی لە ئاقڵ بەدەر و پرسیاری «من بۆچی منم» بەکێش دەکات، بەدەم بەردەوامبوونی چیرۆکەکانیانەوە لە گزنگی بەیانەوە تا تاریکایی شەو سێبەرەکانیان هێدی هێدی جێگۆڕکێ دەکەن.

ئەمە کرۆکی ڕۆمانی «قەڵای سپی»ی نووسەری تورک ئۆرهان پاموکی و هەڵگری خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتە. لە دوای «جەودەت بەگ و کوڕەکانی - ١٩٨٢» و «ماڵی کپ - ١٩٨٣» «قەڵای سپی» سێهەم ڕۆمانی نووسەرە و لە ساڵی ١٩٨٥ لەلایەن دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی «جان»ەوە لە ئەستەنبۆڵ چاپ و بڵاوکراوەتەوە. لەبەرئەوەی خوێنەری تورک پێشوازییەکی گەرم لە سێهەم ڕۆمانی ئەم نووسەرە گەنجە (ئەو کاتە تەمەنی ٣٣ ساڵ بووە) دەکات، دەزگای «جان» تا ساڵی ١٩٩٣ ئەم ڕۆمانە ١١ جاری تریش چاپ و بڵاو دەکاتەوە. پاشان دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی «ئیلەتیشم» لە ئەستەنبوڵ مافی چاپ و بڵاوکردنەوەی بەرهەمەکانی پاموک بەدەست دەهێنێت و لە ساڵی ١٩٩٤دا چاپی سیازدەهەمی «قەڵای سپی» دەخاتە بازاڕەوە. دەقی تورکیی ئەم ڕۆمانە تا ساڵی ٢٠٠٦ سەرجەم ٣١ جار چاپ کراوەتەوە.

ماوەیەکی کورت لەدوای بڵاوبوونەوەی «قەڵای سپی» لە تورکیا، دەزگاکانی چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەوروپایی و ڕۆژئاوایی بایەخی زۆریان پێ دا و لە ماوەیەکی کورتدا وەرگێڕدرایە سەر ١٩ زمانی جیهانی. پاش ئەوەی پاموک لە ساڵی ٢٠٠٦ خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیاتی وەرگرت، «قەڵای سپی»یش وەک سەرجەم ڕۆمانەکانی تری نووسەر، وەرگێڕدرایە

سەر زیاتر لە ٥٠ زمان.

منیش لە چوارچێوەی پڕۆژەی وەرگێڕانی بەرهەمەکانی پاموک لە تورکییەوە بۆ کوردی، سەرەتای ئەمساڵ دەستم بە وەرگێڕانی ڕۆمانی «قەڵای سپی» کرد. دوای وەرگێڕانی ڕۆمانی «بەفر»، کە لە پایزی ٢٠٠٧ لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس لە هەولێر دەرچوو، «قەڵای سپی» دووەم بەرهەمی پاموکە بە کوردی و سەرەتای مانگی ئۆکتۆبەری ئەمساڵ لەلایەن ئاراس -ەوە چاپ و بڵاوکرایەوە و کەوتە بەردەستی خوێنەرانی کوردستان. «قەڵای سپی» یەکەم بەرهەمی ئۆرهان پاموکە کە ئەوی بە جیهان ناساند و نازناوی «ڕۆماننوسی پۆست - مۆدێرنیست»ی بۆ دەستەبەر کرد. ڕۆمانەکانی پاموک، کە هەندێک کەس بە «پۆست - مۆدێرنیست» و بڕێکی تر بە (Avand-Garde) ناوی دەبەن، بەشێوەیەکی بنەڕەتی لەسەر پایەی شەڕ و ناکۆکیی نێوان ڕۆژهەڵات - ڕۆژئاوا بنیاد نراون. ئەگەر چاوێک بە ئەدەبیاتی قۆناغەکانی کۆتایی دەوڵەتی عوسمانی و سەرەتاکانی دامەزراندنی کۆماری تورکیادا بگێڕین، دەبینین نووسەرانی تورک، بۆ نموونە نامیق کەمال (١٨٤٠ - ١٨٨٠) و خالیدە ئەدیب (١٨٨٢ - ١٩٦٤) بەمەبەستی دۆزینەوەی «چارەسەر» دەستیان بۆ پرسی ڕۆژهەڵات - ڕۆژئاوا بردووە. بەڵام پاموک زیاتر لایەنگری ئەوەیە پرسی ڕۆژهەڵات - ڕۆژئاوا بەشێوازێکی گاڵتەئامێز بگرێتە دەست.

ڕۆمانی «بەفر - ٢٠٠٢» نەبێت، کە نووسەر بە تاقانە ڕۆمانی سیاسیی خۆی دادەنێت، هیچ



**«قەڵای سپی» یەکەم بەرهەمی ئۆرهان پاموکە کە ئەوی بە جیهان ناساند و نازناوی «ڕۆماننوسی پۆست - مۆدێرنیست»ی بۆ دەستەبەر کرد**

**پاموک زیاتر لایەنگری ئەوەیە پرسی ڕۆژهەڵات - ڕۆژئاوا بەشێوازێکی گاڵتەئامێز بگرێتە دەست.**

کامێکی تر لە ڕۆمانی پامـوک، بە «قەڵای سپی»شەوە لەو شێوازی گاڵتە ئامێزە بێ بەش نین.

لە وەڵامی پرسـیـارێکی مـاڵپـەڕی تـورکـیـی «تایم تورک»دا سـەبارەت بەوەی داخـۆ پامـوک هەوڵ دەدات پردێک لەنێوان کولتوورەکاندا بنیاد بنێت، نووسـەر دەڵێت:

«من وەک نـووســـــەرێکی تـورک و لـەبەر ئـەوەی تورکیای وڵاتی خاوەن پێگەیەکی جوگرافیی گرینگە لە نێــوان ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئاوادا، بنیــادنانی پردی پێوەندی لە نێوان کولتوورەکاندا بووە بە خوویەک و پێـــمــــەوە لکاوە. نووســـەر پێش ئەوەی هـەڵپــەی بنیادنانی پردی پێوەندی بکات، باشتر وایە سـەرەتا تایبەتمەندیی کولتووری وڵاتان تێ بگات.»

**یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پاموک ئەوەیە دوای بڵاوبوونەوەی هەر ڕۆمانێکی خۆی، وتارێک یان زیاتر لەبارەی ڕۆمانەکەیەوە دەنووسێت**

یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی پاموک ئەوەیە دوای بڵاوبوونەوەی هـەر ڕۆمـــانێکی خـــۆی، وتـارێک یـان زیاتر لـەبارەی ڕۆمـانەکـەیەوە دەنووسێت، یاخـۆ لە وەڵامی ڕۆژنامەنووساندا تیشکی زیاتر دەخاتە سەر ناوەڕۆک و مــەبەســتی ڕۆمــانەکــانی و چۆنێـتــیی نووسین و بـڵاوکردنەوەیان ڕوون دەکاتەوە. کتێبی «ڕەنگەکانی تر»، کە ساڵی ١٩٩٩ لە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی «ئیلەتیشم» لە ئەستەنبوڵ چاپ کراوە و چەپکێک لە وتار و نووســینەکــانی پامـــوک لە خۆدەگرێت، بەشێکی بۆ باس کردنی ڕۆمـانەکـانی تەرخان کراوە.

**یەکێک لەو شتانەی وا دەکات نووسینی ڕۆمان سەرنجڕاکێش بێت، ئەوەیە نووسەر لە هەر ڕۆمانێکی نوێدا بەدوای شێواز و گوتاری نوێدا بگەڕێت**

لە بەشی «کـتێبـەکانم ژیانی منن»دا پـاموک چەند بیـر و ڕایەکی لەبارەی ڕۆمـانی «قـەڵای سـپی»یەوە خستووەتە ڕوو. بەمەبەستی ئەوەی کەمێک زانیاریی

دەربارەی چۆنێتیی نووسینی ڕۆمانی «قەڵای سپی» بە خوێنەرانی کورد بگەیەنم، ئەو بەشەی کتێبی «ڕەنگەکانی تر»م وەرگێڕایە سەر زمانی کوردی و لێرەدا دەیخەمە بەردەست.

***

«یەکێک لەو شتانەی وا دەکات نووسینی ڕۆمان سەرنجڕاکێش بێت، ئەوەیە نووسەر لە هەر ڕۆمانێکی نوێدا بەدوای شێواز و گوتاری نوێدا بگەڕێت. ئەم ڕۆمانە لە «جەودەت بەگ و کوڕەکانی» و «ماڵی کپ» ناچێت و هاوشێوەی هیچ کام لەو دوو کتێبە نییە.

ئەگەر کورتی و شێوەی گێڕانەوە و پێوانە و ڕەوتی بەرەو پێشەوە چوونی ڕووداوەکانی لەبەرچاو بگرین، ئەو شێوازەمان بیر دەخاتەوە کە ئەوروپاییەکان «نۆڤلێت»ی پێ دەڵێن».
(ATILK-MILLIYET1)

***

«بەڵێ، ئەم کتێبە لە مێژوو دەدوێت، بەڵام بۆ ئەوەی چیرۆکێکمان بۆ بگێڕێتەوە، نەک سەردەمێکی مێژوویی. چیرۆکێکی ناو خەیاڵی خۆم هێنا و خستمە چوارچێوەی زەمانێکی مێژووییەوە.

ڕاستییەکەی، مەرج نییە ئەو زەمانە سەردەمی موحەمەد ئاوچی بێت، دەکرا ٣٠-٤٠ ساڵ پێشتر، یاخۆ سەد ساڵ دواتریش بووایە. لە جیهان و لە تورکیاش شتێکی باو هەیە: کاتێک دەگوترێت ڕۆمانی مێژوویی، مرۆڤ پێشبینیی ڕۆمانێکی لە جۆری «شەڕ و ئاشتی» دەکات کە کێشە کۆمەڵایەتییەکان بەشێوەیەکی بەرفراوان بگرێتەخۆ دەست، بەرگێکی کارەساتباراویان لەبەر دەکات و کەسانی وەک پاڵەوانەکانی شکسپیر لەخۆ دەگرێت.

«قەڵای سپی» ڕۆمانێکی لەوجۆرە نییە. ئەوەی من لەم ڕۆمانەدا دەیگێڕمەوە، خستنەڕووی گرفتەکانی بڕگەیەکی مێژوویی نییە، بەڵکو مەبەستم لە هەڵبژاردنی مێژوو ئەوە بووە گیان بەبەر چیرۆکێکدا بکەم.» (USTER-CUMHURIYET)

***

«بابەتێکی تری ئەم ڕۆمانە پێوەندییەکانی نێوان دوو مرۆڤە کە یەکێکیان سەر بە کولتوورێکە بە باڵادەست دادەنرێت و ئەوی تریشیان سەر بە کولتوورێکی تەواو جیاوازە.

مرۆگەل بەشێوەی جیاواز دێنە سەر ئەو بڕوایەی کە لە ژینگە و دەروبەرێکی جیا لەوەی خۆیاندا کامەران دەبن. جا ئایا ئەم بڕوایە لە چۆنایەتیی ژیانەوە سەرچاوە دەگرێت، یان

خۆ لەخشتە بردنێکە و مرۆڤ هەمیشە هەڵوەدایەتی؟ ناتوانم وەڵامێکی پڕ بەپێستی ئەم پرسیارە بدەمەوە. وەک ئەوەی کەمێک لە سەرەتای کتێبەکەدا جەختم لەسەر کردووە، مرۆڤ لەبەر نیگەرانبوونی لەپای گەڕان بەدوای کامەرانیی خۆیدا و بەهۆی ئەوەی حەز لە بەسەرهاتەکانی وڵاتانی تر دەکات، دەکەوێتە بەر کاریگەریی هێزی کێشکردنی کولتوورەکانی تر. بێگومان سەرکەوتنی سەربازی و هێز، یاخۆ دۆڕان، لە پشت بیرۆکەی باڵادەستی و ڕازی ئەم کولتوورانەیە.

«قەڵای سپی» ڕایەڵی پێوەندیی ڕاستەقینە لە نێوان کولتوور و شەڕدا ڕادەکێشێت. «قەڵای سپی» دواجار بۆخۆی ئامانجێکی سەربازییە؛ بەسەرهاتەکەشی پێوەندی بە کولتوورەوە هەیە.

پاڵەوانەکانی ڕۆمان دوای ئەوەی دەگەنە خاڵێک، بەئاراستەی هەڵبژاردنی نشتیمانێکی دیاریکراودا دەڕۆن.

ئایا پێویستە لەم هەڵبژاردنەیاندا گفتوگۆ لەسەر کامەرانی بکرێت؟

پاڵەوانەکان مێشکی خۆیان بە کولتوور و کامەرانییەوە زۆر دەجەڕێنن. لەم کتێبەدا کارێکی وام کردووە کە پاڵەوانەکان کولتووری یەکتر، یاخۆ ڕاستی و چەوتیی ئەو بیرۆکانەی هەریەکەیان بەرامبەر بە ژینگە و ڕەنگەکانی ژیانی ڕۆژانەی ئەوی تر هەیەتی، لەلایەن ئەوی ترەوە تاقی بکرێتەوە.. واتا بۆیان یەکلایی ناکرێتەوە داخۆ کامیان لەوی تریان بەختەوەرتر یان ناشادترە.

هەریەکەیان چیرۆکێک لەبارەی ئەوی تریانەوە دەئافرێنێت و خۆی دەکەوێتە ژێر کاریگەریی چیرۆکەکانی خۆیەوە. بەمجۆرە و بەمەبەستی ئەوەی لە یەکدی حاڵی بن، ڕووبەڕووی گرفتێک دەبنەوە. دوای ڕوون کردنەوەی گشت ئەم شتانە، کتێبەکەم هەنگاوێکی تریشی بردە پێشەوە. لەوانەیە کتێبەکەم بەم هەموو بابەتەوە خوێنەریش بۆ ناو گەمەیەک بەکێش بکات و وای لێ بکات بیر بکاتەوە. بۆ ئەمەشیان هەر دەڵێم لەوانەیە.» (YAZICI-SANATO)

***

«لە وڵاتێکی ڕۆژهەڵات ناچار کراوم بڕوا بکەم من ڕۆژئاواییم و لەسەر ئەو بنەمایەش پەروەردە کراوم، جاری وا هەبووە ئەگەر کتێبێک یان گۆڤارێکی لە ڕۆژئاوا دەرچوو کولتوور و مێژووی تورکیای بخستایەتە خانەی کولتووری ڕۆژهەڵاتەوە، یاخۆ وێنەی تورکێکی فێس

لەسـەر شی بکردایەتەوە، یان گـۆڤـارێکی ڕۆژئاوایی ئـەو وێنەیەی بـڵاو بکردایـەتـەوە، ئەوا خزمـەکانم هـەڵدەچوون و تووڕە دەبوون. من کـەسانێکم لە دەور بوون دەیانویست کولتووری وڵاتی خۆیـان لە کولتووری ڕۆژئاوادا ببینن و تەنانەت ئەگـەر نەیانتوانیبایە ببیـنن، جاروبار ڕوویان لە کـولتووری خـۆیان وەردەگێڕا ... ئەم خـۆ لە خشتـەبردن و ترس و دەرد و غـەمانە شـوێنەواری لە قـوڵایی ڕۆحمدا جێ هێشـتووە. بـۆیە دەرد و غەمی ناسنامە هـەمـوو کـاتێک بەلای منـەوە گـرینگ بـووە. ئێسـتـا بێگومـان ئیـدی بەو چـاوەوە نـاڕوانم کـە داخـۆ ئێـمـە ڕۆژهـەڵاتین، ڕۆژئاوایین، یاخۆ کێین.

مـەبـەسـتی بنەڕەتیی من لە نووسـینی ئەم ڕۆمـانە ئەوە بوو کـتـێـبـێک بنووسم بـۆ ڕزگـار کردن و دەرهێنانی غـەمـەکانی پرسـی سیاسـیی ڕۆژهـەڵات - ڕۆژئـاوا، باو - هاوچەرخ لە قـاڵبی ڕۆژەڤ. واتـا پێش ئەوەی دەست بـە نووسـینی ئـەم کـتـێـبـە بکەم، بەدوای خـاڵێکدا دەگـەڕام پرسـی ڕۆژهـەڵات - ڕۆژئاوای هـەمـیشـە کـڵـپـەسـەندووی ناو هـەناومـان لـە بـەهـەند گـرتـن ڕزگـار بکـات و بتـوانێت ئەو غـەمـەی لەو ڕووە بـە ژیانمەوە لکاوە، لە شـوێنێکی گرینگەوە وەربگێڕێتە سـەر گەمەیەک.

بە واتایەکی تر، وەک ئەوەی بڵێی دەمویست خۆم ئازاد بکەم.

من لە تـافی لاوی و تەنانـەت لە سـەردەمی منداڵیـشـمـدا ئەم گـەمـەی ناسنامـەیەم زۆر بەهـەند گرتبوو و «قەڵای سپی» هـەوڵێکە بۆ گۆڕینەوەی لەناکاوی ئەو گەمەی ناسـنامەیە بە گەمەی نووسـین.

- ئایا قـسـە کردنتـان لەبارەی ڕۆژهـەڵات و ڕۆژئاواوە لە چوارچێوەی مـۆتیـڤی دووانەدا ناڕەزایی دەبڕینێکە بەرامـبـەر بیـرۆدۆزەی تایبـەت بە مـەحـاڵ بوونی یەکگرتنی ئەم دوو کولتوورە؟

لە دڵی ڕۆمـانەکـەدا چیـرۆکی دووانـەیەک هـەیـە. ئەو دووانانـەی بەزۆری لە کـولتـووری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، بۆ نموونە لە ئـەدەبیـاتی ئەڵمـانیـدا لای هـۆفـمـان و لە کـولتـووری ڕۆژهـەڵاتیـشـدا لـە بەسـەرهاتەکـانی هەزار و یەک شـەوەدا دەبیندرێن، بریتین لە بـەیەک گەیشتنی هاوشێوەکان. ئەو غەمی ناسنامەیەی کەمێک لەمەوبەر باسم کرد، هێنام و وەک گەمەیەک لەم بابەتەدا جێم گرتەوە.

ڕاسـتـیـیـەکـەی وێکچـوون یان نەچوونی پاڵەوانەکانم، واتا بەکارهێنانی ناسنامـە لەلایەن هـەریەکـەیانـەوە وەک ئاوێنە بەڕووی ئـەوی دیدا، زیاتر بریتـیـیـە لـە بە گـەمـەکردنی پرسی

هەمیشەیی ناسنامە، نەک باس و خواسی بابەتێکی ڕۆژانە، بابەتی کتێبەکەی من ئەوە نییە پیشانمان بدات ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا چەند لە یەکترەوە دوورن یاخۆ نزیکن، ڕودیارد کیپلینگ بەیتێکی هەیە دەڵێت: "EAST IS EAST, WEST IS WEST."

لەوانەیە ئەم ڕۆمانەی من بۆ ڕزگاربوون لەم هەڵوێستە ڕۆتینی و دەقگرتووە نووسرابێت. ئەم کتێبە خواستی ئەوە لە خۆ دەگرێت کە ڕۆژهەڵات ڕۆژهەڵات نەبێت و ڕۆژئاواش ڕۆژئاوا نەبێت.

– ئایا پێوەندیی نێوان کۆیلە و سەردار ڕەهەندێکی جیاوازتر لە پێوەندیی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا لەخۆ ناگرێت؟

ئەم ڕەهەندە لەخۆ دەگرێت: ئەم کتێبە هاوڕێیەتی دوو کەسی لەخۆ گرتووە کە خۆیان خزاندووەتە ماڵێکەوە و ناچارن پێکەوە بژین و هەوڵ دەدەن پرۆژە زانستی و کولتوورییەکانی خۆیان بە فەرمانڕەوایەک، سوڵتانێک بەپەسەند کردن بدەن کە ئاستی ژیرییەکەی زۆر لە خوار خۆیانەوە دەبینن. ناوبەناو پێوەندیی نێوانیان شێوازی سادۆ – مازۆیی (لێدان و ئەشکەنجەدان) لەخۆ دەگرێت و لایەنێکی هەیە بەخاڵی توندوتیژی و سادۆ – مازۆییەکی دژواردا تێ دەپەڕێت. ڕۆمانەکە چەند مێژووییش بێت، ڕەهەندی گرینگی ئەم کتێبە بەلای منەوە بریتییە لە هەڵبەز و دابەزی بێزاریی بەرجەستەی مرۆڤ لە ژوورێکدا کە هەست دەکەم لەم ڕۆژگارەشدا هەیە و لە ناخی خۆیشمدا پەی دەبەم. هەروەها بریتییە لە کات کوشتن، هەڵدانەوەی پەردە لەسەر گۆشە تاریکەکانی جیهان و ئەشکەنجەدانی گۆشە شاراوەکانی ڕۆحی یەکتر.

ئەو گرفتی ڕۆژهەڵات – ڕۆژئاوایەی لە سەرەتای کتێبەکەمدا ئاماژەم بۆ کردووە، ڕەنگە ئەو شتە بێت کە باز بەسەر گەڕان بەدوای ناسنامەدا دەدات و گیانی کردووە بەبەر پاڵەوانەکانمدا و زەمینەی خۆش کردووە بۆ نووسینی کتێبەکە. پێوەندیی نێوان خۆجە و کۆیلەکەی ناڕاستەوخۆ ئاماژە بۆ پرسی ڕۆژهەڵات – ڕۆژئاوا دەکات، بەڵام ڕاستەوخۆ و ئاشکراتر پێوەندیی سی ساڵەی نێوان دوو مرۆڤی بێچارە، بەڵام تەماحکاری کوشتەی پاڵەپەستۆ و تەنیایی و توندوتیژیی دەوروبەرە و گێڕانەوەی ئەمەش زۆر لە باسی ڕۆژهەڵات – ڕۆژئاوا بەچێژترە.»

(OZCAN-BA)